# ڕۆژی جیهانیی دانیشتوان

## 11 ی تەمووز 2016


ڕۆژی جیهانیی دانیشتوان وەکو ڕووداوێکی جیهانی سەیر دەکرێت و لە ڕۆژی 11 ی مانگی تەمووزی هەموو ساڵێك یادی دەکرێتەوە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییە خێراکان و دۆخی تایبەت بە دانیشتوان بەبیر دەسەڵاتدارانی جیهان وووڵاتان بهێندرێتەوە و هەوڵ دەدرێت بۆ بەپیرەوەچوونی ئەو گۆڕانکارییانە و داڕشتن پلان و بەرنامەی تایبەت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە یاخود سوود وەرگرتن لێیان.

لە ڕۆژی جیهانیی دانیشتوان، مەزندە دەکرێت کە دانیشتوانی خۆجێیی و ڕەسەنی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی 2015 دا لە 5 ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس تێپەڕی کردبێت. سەرەڕای ئەم ژمارەیە، ژمارەیەکی تری دانیشتوانیش ئەبێت لە بارودۆخی ئێستا دا بۆ هەرێمی کوردستان ئەژمار بکرێت کە ئەویش زیاتر لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار ئاوارە و پەنابەرە کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی بە ڕێژەی نزیکەی 30% زیاد کردووە و لەم بارودۆخەی ئێستای عێراق پێشبینی دەکرێت نزیکەی نیو ملیۆن ئاوارەی تر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو دا بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراو و ئاژانسە نێونەتەوەییەکان و بیانییەکان توانیویەتی دەستکەوتی گەورە لە بواری باشتر کردنی نیشاندەرەکانی دانیشتوانەوە بەدەست بێنیت. لەم ساڵانەی دووایی‌دا ئیفلیجی منداڵان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 0% لە کاتێکدا لە عێراق ئەم نیشاندەرە هێشتان لە سەرووی سفرە. مردنی منداڵان، بە تایبەت کۆرپەڵە و منداڵی ساوا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و هەروەها مردنی دایکانیش دابەزینێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. هەموو ئەمانە سەرەڕای ئەوەی نیشاندەری ئەوەن کە دانیشتوانی هەرێم لە ڕووی تەندرووستی لە بارودۆخێکی باشتر دان، بەڵام ئاماژەن بۆ ئەوەش کە ئەگەر پلانی خێزانی دانەنرێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی منداڵ بوون، لە ساڵانی داهاتوودا ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015 بە 5,472,436 کەس مەزندە کراوە و لەم ژمارەیە 2,747,992 کەس لە ڕەگەزی نێر و 2,724,444 کەس لە ڕەگەزی مێن. هەروەها پێشبینی کراوە لە ساڵی 2015 دا 148,011 کەس لە دایك بووبن و 21,191 کەسیش کۆچی دووایییان کردبێت. مەزندەی ژیان لە ساڵی 2015 بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 74.6 ساڵ بووە. بەڵام لەسەر ئاستی ڕەگەز بۆ ئافرەتان مەزندەی ژیان تەمەنێکی درێژتریان بۆ دەست نیشان کراوە، واتە مەزندەی ژیان بۆ ئافرەتان 76.3 ساڵ و بۆ پیاوان 73.5 ساڵ بووە. بێگومان ئەم ژمارە و نیشاندەرانەی سەرەوە تەنها پێشبینییەکانی خەڵکی خۆجێیی هەرێمی کوردستانن و چینی ئاوارە و پەنابەرەکان پشکیان نییە تیایدا. بە پێی دوایین

زانیارییەکان، زیاتر لە 1,250,000 ئاوارەی ناوخۆیی عێراق، کە دەکاتە 30% گشت ئاوارەکان لە سەرتاسەری عێراق، و 250,000 پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە.




دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە بەردەم دەرفەتێکی گەورەدان کە لە رووی زانیستییەوە پێی دەگۆترێت پەنجەرەی دیموگرافی یاخود دەرفەتی دیموگرافی و ئەم پەنجەرەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی کەم دەکرێتەوە و دواتر بۆ ماوەی سالانێکی دوور و درێژ دادەخرێتەوە. زۆرێك لەو وولاتانەی لە سالانی دووایيدا گەشەیان کردووە و پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە بەم پەنجەرەیەدا تێپەڕبوونە و پشکی شێری سەرکەوتنەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرفەتە. پەنجەرەی دیموگرافی ئەو کاتە دەکرێتەوە کە ژمارەی دانیشتوانی چالاك لە رووی ئابوورییەوە، واتە دانیشتوانی تەمەن 15 تاکو 64 ساڵ، دەگاتە لووتکە و بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەو حاڵەتە بەردەوام دەبێت و دوای ئەو دیسان بەرەو نزم بوونەوە دەچێت. لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستە سوود لە پەنجەرەکە ببینێت و هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی لەو ماوە کورتەی کرانەوەی پەنجەرەکە زۆرترین قازانجی لێوەرگرێت.

دەستەی ئاماری هەرێم

2016/7/11